**بەش: كارگێڕی ڕێكخراوە گەشتیارییەكان**

**كۆلێژ: كارگێڕی و ئابووری**

**زانكۆ: سەلاحەدین-هەولێر**

**بابەت: بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و ئەتەكێت**

**پەرتووكی كۆرس: قۆناغی چوارەم**

**ناوی مامۆستا: د.هۆشمەند رفیق ابراهیم**

**ساڵی خوێندن: 2023-2024 / سمستەری یەكەم- پایزە**

# پەرتووکی کۆرس/ Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | بەڕێوەبردنی ڕێورەسم و ئەتەکێت– إدارة المراسم والاتيكيت -Protocol and Etiquette Management |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | د.هۆشمەند رفیق ابراهیم |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | کارگێری ڕێکخراوە گەشتیارییەکان / کارگێری و ئابووری |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: hoshmand.ibrahim@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن: 07504468829 |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 2 پراکتیک: 2<br>ڕۆژی چوارشەممە : کاتژمێر(10:30-8:30) بەیانی<br>ڕۆژی پێنج شەممە: کاتژمێر (12:30-10:30) نیوەڕۆ |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ( 8) کاتژمێر لە هەر هەفتەیەکدا |
| ٧. کۆدی کۆرس | AETO 1402 |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | ❖ بڕوانامەی بەکالۆریۆس ساڵی 2005.<br>❖ بڕوانامەی ماستەر لە ساڵی 2011.<br>❖ بڕوانامەی دکتۆرا لە ساڵی 2022.<br><br>بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەیری پرۆفایلی ئەکادیمی زانکۆیی بکەن کە لەم بەستەرەی خوارەوەدا هاتووە:<br>https://academics.su.edu.krd/hoshmand.ibrahim |
| ٩. وشە سەرەکییەکان | ئەتەکێت، بەڕێوەبردنی ڕێورەسم(پرۆتۆکۆل)، کۆنفرانس و سیمپۆزیۆم، وۆرکشۆپ، کۆنفرانس، پۆدیۆم، فێستیڤاڵ، ئاهەنگی نیشتیمانی و ڕێزلێنان، بانگهێشتنامە، کۆبوونەوە، سەردانی فەرمی، زمانی جەستە، سڵاوو تەوقەکردن، خۆشدوان(المجاملة)، ئاڵوگۆڕی دیاری، پێشکەشکردنی وتارو هونەری قسەکردن و رازیکردن، ڕێورەسمی واژووکردنی ڕێککەوتنامەو یاداشتی لەیەکگەیشتن، ئەتەکێتی دانوستاندن، بەڕێوەبردنی شوێنی پێشوازی میوانی فەرمی. |

**١٠. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

1. خوێندنی ئەو بابەتە یارمەتیدەرە بۆ قوتابیانی بەشی کارگێڕی ڕێکخراوە گەشتیارییەکان تا ژیرانە ڕێورەسم و ئاهەنگە فەرمییەکان بە شێوەیەکی ئەکادیمی بەڕێوەبەرن.
2. خوێندنی ئەو بابەتە بە شێوەی ئەکادیمی بە (تیۆری – پراکتیکی) هەگبەی زانستی قوتابی پڕ دەکات تا لە ژیانی ڕۆژانەی توشی هەڵە نەبێتەوە.
3 . ئەو بابەتە یارمەتیدەرە تا بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان لە بواری پلاندانان و بەڕێوەبردنی بۆنە و کۆنفرانسەکان کار بکرێت.
4. خوێندنی ئەو بابەتە وا دەکات لە کاروبارە فەرمییەکاندا بە هەڵەی باو لە ئەتەکێت و پرۆکۆڵدا دووبارە نەکەیەوە.
5. گرینگی ئەو بابەتە لەوەدایە بۆ سەرکەوتنی پرۆژە هەمەجۆرەکان بیخەینە بواری پراکتیکی جا چ وەک کارمەندێک لە کۆمپانیایەک یان وەک خاوەن پرۆژەیەک لە بازاڕدا.
6.خوێندنی ئەو بابەتە بۆ دەرچووانی هەموو پرۆژە گەشتیارییەکان گرینگە، تا لەو ڕێگەیەوە گەشتیار بۆ پرۆژە گەشتیارییەکان، هۆتێل، مۆتیل، ڕێستورانت، کومپانیای گەشتیاری...هتد) رابکێشێت.
7. دەبێتە دەروازەیەکی گرینگ بۆ ڕاپەڕاندنی کارو پەرەپێدانی پەیوەندییە مرۆییەکان و بەهێزکردنی هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر، هەروەها درککردنی بۆ تێگەیشتنێکی نوێ تا ژیرانەتر هەڵسوکەوت بکەن.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس:**

مامەڵەکردن ئامانجی ئەم کۆرسە تیشک خستنەسەر ڕایەڵە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی ڕێورەسم و ئەتەکێتە کە لە چەند خاڵێک کۆی دەکەینەوە:

1.بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی فەرمی لەسەر ئاستی هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت بە شێوەیەکی زانستیانە کە تیایدا بە ئەتەکێت ساز بکرێت.
2بەکارهێنانی ئەتەکێت لە پرۆسەکانی میوانداری و پێشوازی و کۆبونەوەو ڕێوڕەسمدا.
3.راهێنانی قوتابیان لەسەر رێساکانی میوانداریەتی سەردەمی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ کە تیایدا چەمکەکانی: (پرۆتۆکۆڵ، ئەتەکێت) لە بۆتەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری دەتوێنێتەوە لەسەر بنەمای رێزگرتن بە بازارکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری.
4. ئاشناکردنی خوێندکاران بە دیارترین لایەنە پراکتیکی و تیۆرییەکانی تایبەت بە پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت بە شێوەیەک کە لەگەڵ پیشەی کارمەندانی کەرتی گەشتیاری و کەرتەکانی دیکە هاوگونج بێت.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

- قوتابی بەرپرسیارە بەرامبەر بە ئامادەبوون لەوانەکاندا، چونکە ئامادەبوون نمرەی لەسەر دادەنرێت.
- پێویستە قوتابی لە کاتی دیاریکراوی خۆی لە هۆڵ ئامادەبێت.
- نابێت بۆ وەڵامدانەوەی تەلەفۆن بچێتە دەرەوە و کاتێکی زۆری پێبچێت، مەگەر بۆ حاڵەتی تایبەت نەبێت.
- تۆمارکردنی یان یاداشتکردنی تێبینی و سەرنجەکان لە کاتی وانەکانی ڕۆژانەدا.
- بەرپرسیارە لە ئامادەبوونی لە کاتی تاقیکردنەوەکان وەک:
  1. کە (2) تاقیکردنەوەی تیۆری لەسەر کاغەز (1) نیوەی سمستەر و (1) کۆتایی سمستەر ئەنجام دەدرێ.
  2. (1) تاقیکردنەوەی پراکتیکی لە نیوەی سمستەردا.
  3 . تاقیکردنەوە لە ناکاوەکانی (کویز) هەفتانە بە بێ ئەوەی ئاگادار بکرێتەوە.
- بەرپرسیارە لە:
  1. نوسینی (وتار- راپۆرت).
  2. ئامادەکردنی سمینار.
  3. دامەزراندنی پرۆژە بە شێوەی گروپ.
- ئامادەکردنی (50) پرسیار لە نێو ئەو بابەتانەی دەخوێنرێت بۆ کۆتا مەحازەرەی سمستەری یەکەم.
- نابێت ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بەهیچ شێوەیەک بەکاربهێنێت، دەبێت لەکاتی دەستپێکردنی وانە (بێدەنگی بکات یا بیکوژێنێتەوە).
- وێنەگرتنی فۆتۆیی و ڤیدیۆیی لە ناو هۆڵ لە کاتی وانە قەدەغەیە.
- ئەتەکێتی قسەکردن وەک کەسێکی ئەکادیمی لە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوپۆلەکان و مامۆستای بابەت بکات.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە:**

- وانەکان بەشێوازی تیۆری دەوترێتەوە بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی داتاشۆ و پاوەرپۆینت.
- تیشکخستنە سەر خاڵە گرنگەکان لەسەر تەختەی سپی(White Board).
- سەردانی زانستی بۆ دەزگاو دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت- گشتی بە مەبەستی راهێنانی پراکتیکی.
- پێدانی پوختەی وانەکان بەشێوەی (پەرتووک) بە قوتابیان، یان بە شێوەی (Soft Copy) لە ڕێگەی پرۆفایلی مامۆستا یان گروپە فەرمییەکانەوە.

**Academic Profile** : **https://academics.su.edu.krd/hoshmand.ibrahim/teaching**

١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:

| شێوەکانی هەڵسەنگاندن | نمره |
|---|---|
| تاقیکردنەوەی نیوەی وەرز Midterm Exam | 20 |
| تاقیکردنەوەی لە ناوکاو(کویز) | 3 |
| ئامادەبوون لە هۆڵ | 5 |
| پێشکەشکردنی سمینار | 4 |
| راپۆرت و وتار | 3 |
| دامەزراندنی پرۆژەی تایبەت بە شێوەی گروپ | 5 |
| کۆی گشتی نمری کۆششی سمستەر، ئەنجامەکە لە ریگەی پرۆفایلی مامۆستا لەو بەستەرە وەردەگیردریتەوە: https://academics.su.edu.krd/hoshmand.ibrahim/student-evaluation | 40 |
| تاقیکردنەوەی کۆتایی سمستەر | 60 |
| کۆی گشتی نمرەی هەڵسەنگاندن | 100 |

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

- قوتابیان ئاشنا دەبن بە کۆمەڵێ چەمکی تایبەت بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت لە شێوەی وۆرکشۆپ، کۆبوونەوە، پۆدیۆم، کۆنفرانس، فێستیڤاڵ، پێشانگە....هتد.
- قسەکردن لە کۆبوونەوەی فەرمی، شێوازی پێشوازی لە میوانی فەرمی.
- خوێندکاران زانیاری لەسەر چۆنییەتی ئامادەکاری بۆ بۆنەیەکی فەرمی پەیدا دەکەن.
- فێرخوازان فێری هونەری دانوستاندن و ئەتەکێتی کۆبوونەوەو پرۆتۆکۆڵی واژووکردنی ڕێککەوتننامە و ئاڵوگۆری دیاری دەبن.
- قوتابیان فێری ناردنی بانگهێشتنامە لە ڕێوڕەسم و دانانی کورسی تایبەت بۆ میوانان و ئەتەکێتی بەخێرهاتنیان دەبن.
- قوتابیان شارەزایی پەیدا دەکەن لە ئەتەکێتی فەرمی و نافەرمی.
- قوتابیان شارەزا دەبن لە ئەتەکێتی مۆدێرن و ئەتەکێتی جل و بەرگ.
- قوتابیان شارەزا دەبن لە لێهاتوویی دیدار و ئەتەکێتی چاوپێکەوتن.

**١٦. لیستی سەرچاوەکان:**

1.1 .د.منال محمد رحال، إدارة المؤتمرات والاجتماعات والندوات المعارض، دار أمجد للنشر والتوزيع،الطبعة الاولى،عمان، الاردن،2015 .
2.د.شێرزاد ئازاد سوڵتان، ئەتەکێت و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە، چاپی پێنجەم، هەولێر، 2020
3.المعهد الدبلوماسي،وزراة الخارجية، موجز الدليل الدبلوماسي للبرتوكول والإتيكيت، الطبعة الاولى، دولة قطر، 2014.
4.أكاديمية بناة المستقبل الدولية، فن الاتيكيت والبرتوكول، لوكيل الحصري لجامعة "ميريلاند" الأمريكية في الشرق الأوسط والخليج وشمال أفريقيا.
5.أ.م.د. احمد نجم، إدارة المراسيم والإتيكيت السياحي، المحاضرة المرحلة الثالثة، قسم السياحة، جامعة الكوفة.
6.إعداد خبراء المجموعة العربية للتدريب والنشر، المجموعة العربية للتدريب والنشر، الطبعة الاولى، القاهرة، مصر، 2012.
7.منى جاسم الزايد، دليل البروتوكول والمراسيم للبرلمانيين والدبلوماسيين،معهد البحرين للتنمية السياسية، الطبعة الاولى، 2020
8.عبدالعزيز بن البندر العثمان، عبدالله بن ناصر الخليل، المراسم والبرتوكول للعاملين في العلاقات العامة، السعودية، 2018.
9.إلهام خضير عباس، داود سليمان القائيدي، اصول التعامل وأثره على الرضا السياح، دراسة ميدانية لعينة من فنادق إقليم كوردستان، مجلة الادارة والاقتصاد، العدد(82)، 2010.

10.ماهر عبدالعزيز توفيق، إدارة الحفلات والمؤتمرات، دار زهران للنشر والتوزيع، عمان، الاردن،2006.
11.أ.م.د.نوفل عبدالرضا الكمري، عماد حسين سعود، أثر ادارة المراسم والاتيكيت في تحقيق النجاح الاستراتيجي لمنظمات الضيافة، دراسة تطبيقية على عينة من منظمات الضيافة في مدينة بغداد، مجلة الغري، للعلوم الاقتصادية والادارية، المجلد(15)، العدد (1)، 2018.
12.د.محمد عبد البديع السيد، فن الإتيكيت والبروتوكول للإعلاميين، الطبعة الاولى، مطبعة الرسالة، قاهرة، مصر، 2022.
13.چێک لیستی ڕێوڕەسم، گرێنتیەک بۆ سەرکەوتنی چالاکییەکان، گۆڤاری پەیوەندییە گشتییەکان، ژمارە (1)، ل 42-45، 2019.
14.مناضل الطيب سليمان بين، دور المراسم والاتيكيت في ترقية الخدمات السياحية في السودان، مجلة العلوم الانسانية والطبيعية،المجلد(4)، العدد(1)، ص553،2023.
15. د.نيفين شريف، أسس إدارة الحفلات والمؤتمرات، مكتبة البستان المعرفة لطبعة ونشر وتوزيع الكتب، 2012.
16.فریدون صالح، ڕێکخستنی کۆبوونەوە، گۆڤاری پەیوەندییە گشتییەکان، کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی کوردستان، ژمارە(1)، ل32-33، 2019.

هەموو ئەو سەرچاوانەش بە شێوەی PDF لە پرۆفایلی مامۆستا لەم بەستەرەی خوارەوە هەیە دەتوانن سوودی لێوەربگرن:

**Academic Profile : https://academics.su.edu.krd/hoshmand.ibrahim/teaching**

| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **هەفتەی یەکەم**<br>**دەروازەیەک بۆ تێگشتن لە بەڕێوەبرنی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت**<br>❖ روونکردنەوەی کۆرس بووک بۆ قوتابیان.<br>❖ دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە ڕێوڕەسم و ئەتەکێت.<br>❖ زاراوە بەکارهێنراوەکانی کاتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانس و ئاهەنگەکان. | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر |
| **هەفتەی دووەم**<br>**وێستگە مێژووییەکانی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت**<br>1. شارستانیەتی کۆن.<br>2. شارستانیەتی ئیسلامی.<br>3. شارستانیەتی نوێ.<br>❖ سەرهەڵدانی ڕێوڕەسمە فەرمییەکانی نەتەوەی کورد.<br>❖ چەمکی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم.<br>❖ هونەری بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم. | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر |
| **هەفتەی سێیەم**<br>**گرینگی و ئامانجی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم**<br>❖ گرینگی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت.<br>❖ ئامانجی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت.<br>❖ پەیوەندی لە نێوان ڕێوڕەسم و ئەتەکێت.<br>❖ جۆرەکانی بۆنە( مەڕاسیم -پرۆتۆکۆڵ) | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر |
| **هەفتەی چوارەم**<br>**رایەڵەکانی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم**<br>❖ ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر بەڕێوەبردنی پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت هەیە.<br>❖ پەیوەندی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم لەگەڵ لقەکانی زانستی کارگێڕی.<br>❖ رایەڵەکانی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم. | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر |
| **هەفتەی پێنجەم** | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر |

| | |
|---|---|
| **ئەرکە بنەڕەتییەکانی پرۆتۆکۆڵ**<br><br>❖ ئەو ئەرکە بنەڕەتییانەی لەلایەن بەشی پرۆتۆکۆڵەوە جێبەجێدەکرێت.<br>❖ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم لە نێوان هونەرو زانستدا.<br>❖ تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم.<br>❖ چێک لیستی ڕێوڕەسم و سەرکەوتنی چالاکییەکان.<br>❖ مەڕاسیمی سەردانی سەرۆک دەوڵەتان و خۆشدووانی نێودەوڵەتی.<br>❖ پرۆتۆکۆڵی بەرزکردنەوەی ئاڵای وڵاتان و کۆمپانیاو دەزگاکاکان.<br>❖ یاساو ڕێساکانی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و مێژووی ئاڵای کوردستان. | |
| **هەفتەی شەشەم**<br>**کارتی بانگهێشتننامە**<br><br>❖ دیزاینی کارتی بانگهێشتنامە.<br>❖ نووسینی کارتی بانگهێشتنامە.<br>❖ لیستی ناوی بانگهشتکراوانی ئاهەنگ.<br>❖ ئەتەکێتی ناردنی کارتی بانگهێشتنامە بەشێوەی کلاسیکی و لە ڕێگەی تەلەفۆن و ئەلیکترۆنییەوە.<br>❖ وەڵامی کارتی بانگهێشتنامە.<br>❖ پرۆتۆکۆڵی دانانی کورسی میوانان.<br>❖ پێشوازی لە میوانانی بانگهێشتکراو. | **هۆشمەند رفيق ابراهيم**<br>(4) کاتژمێر |
| **هەفتەی حەفتەم**<br><br>**ئاهەنگ و ڕێوڕەسم**<br>❖ جۆرەکانی ئاهەنگ<br>1. ئاهەنگی کردنەوەی پرۆژەیەکی تایبەت.<br>2. ئاهەنگی ڕێزلێنان لە کەسایەتی دیاریکراو.<br>3. ئاهەنگی بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری.<br>4. ئاهەنگی بەخشینی میدالیای ڕێزلێنان( سەربازی، مەدەنی، ئەکادیمی....هتد).<br>5. ئاهەنگی دەرچوون و یەکترناسینی قوتابیانی زانکۆکان.<br>❖ پێداویستییە سەرەکییەکانی ئاهەنگ و ڕێوڕەسم.<br>❖ پێویستییە گرینگەکانی ناو هۆڵی ڕێوڕەسم.<br>❖ خزمەتگوزاری لە ئاهەنگ و ڕێوڕەسمدا.<br>❖ کاتی ئامادەبوون و جێهێشتنی میوانان لە ئاهەنگەکاندا.<br>❖ ئەرکی سەرپەرشتیارانی ئاهەنگەکان.<br>❖ پرۆتۆکۆل و مەڕاسیمی میدیایی ( کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی). | **هۆشمەند رفيق ابراهيم**<br>(4) کاتژمێر |
| **هەفتەی هەشتەم**<br>**کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکان**<br><br>❖ چەمکی کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکان<br>❖ گرینگی کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکان.<br>❖ جۆرەکانی کۆبوونەوە.<br>❖ ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان | **هۆشمەند رفيق ابراهيم**<br>(4) کاتژمێر |

| | |
|---|---|
| ❖ چۆنیەتی ڕێکخستنی مێزی کۆبوونەوەکان.<br>❖ ئەرکی پرۆتۆکۆڵ لەکاتی ئەنجامدانی کۆنفرانس و کۆبوونەوەکان. | |
| **هەفتەی نۆیەم**<br>**ئەتەکێت پێشەشکردنی خزمەتگووزاری هۆتێلەکان**<br>پێکهاتە بنەڕەتییەکانی خزمەتگوزاری هۆتێلەکان کە پەیوەندییان بە ڕێکخەرانەوە هەیە: کۆنگرەو ئاهەنگەکان،شوێن، هۆڵەکان،پلانی هۆڵی کۆنفرانس و ڕێورەسم،هۆیەکانی گواستنەوە، ژووری نیشتەجێبوون، ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی پێشانگا، بواری کەیفسازی بۆ ئامادەبوانی کۆنگرەو هاوەڵەکانیان.<br>❖ پێشانگا نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان.<br>❖ گرینگی کردنەوەی پێشانگاکان لە کۆنفرانسەکاندا. | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر |
| **هەفتەی دەیەم**<br>**ئەتەکێت**<br>❖ جۆرەکانی ئەتەکێت<br>❖ ئەتەکێت بەهرەیە یان ئەزموونە یاخود فێربوونە<br>❖ ئەتەکێتی چاوپێکەوتن لە میدیاکان( بیستراو- بینراو- نووسراو).<br>❖ ئەتەکێتی دەمووچاو.<br>❖ ئەتەکێتی سەروقژو ردێن.<br>❖ ئەتەکێتی سەروپرچی ئافرەتان.<br>❖ ئەتەکێتی مکیاژکردن.<br>❖ ئەتەکێتی خشڵ و زێرو زیو.<br>❖ ئەتەکێتی قسەکردن. | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر |
| **هەفتەی یازدەیەم**<br>**ئەتەکێتی رووالەتی و قسەکردن**<br>❖ ئەتەکێتی سوپاس و دەستخۆشیکردن.<br>❖ ئەتەکێتی داوای لێبوردنکردن.<br>❖ ئەتەکێتی خەندەو پێکەنین.<br>❖ ئەتەکێتی ڕێکپۆشی جلوبەرگ بۆ ئافرەتان و پیاوان.<br>❖ ئەتەکێتی دان بەخۆداگرتن و خۆکۆنترۆڵکردن.<br>❖ ئەتەکێتی شێوەی قسەکردن و وەڵامدانەوە بە تەلەفۆن.<br>❖ ئەتەکێتی پێشکەشکردنی بزنس کارت. | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر |
| **هەفتەی دوازدەیەم**<br>**ئەتەکێنی کۆبوونەوەو بۆنە فەرمییەکان**<br>❖ ئەتەکێتی کۆبوونەوەو ڕێوڕەسم.<br>❖ ئەتەکێتی ئامادەبوون لە کۆنفرانسەکان.<br>❖ ئەتەکێتی قسەکردن و پێشکەشکردنی وتار.<br>❖ ئەتەکێتی گوێگرتن لە میوانی فەرمی.<br>❖ ئەتەکێتی یەکترناسین و مامەڵەی رۆژانە. | **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر |

| | |
|---|---|
| | ❖ ئەتەکێتی سڵاوکردن و تەوقەو دانیشتن.<br>❖ ئەتەکێتی پێشکەشکردن و دیاری بەخشین.<br>❖ ئەتەکێتی بانگهێشتکردنی ڕێوڕەسم.<br>❖ ئەتەکێتی میوانداری و مێزی نانخوارن.<br>❖ ئەتەکێتی پێشکەشکردنی پیرۆزبایی. |
| **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر | **هەفتەی سێزدەیەم**<br>**ئەتەکێتی واژووکردنی ڕێککەوتننامەکان**<br>❖ ئەتەکێتی ڕێککەوتننەکان.<br>❖ ئەتەکێتی خاکەڕایی بوون.<br>❖ ئەتەکێتی خۆشدووانی لە دانیشتنە فەرمییەکاندا.<br>❖ ئەتەکێتی پێشینە (پاشخان) زانیاری پێشوەختە.<br>❖ ئەتەکێتی نوێ. |
| **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر | **هەفتەی چواردەیەم**<br>**ئەتەکێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کڕیارو فرۆشیار**<br>❖ ئەتەکێتی مامەڵەکردن لە گەڵ کڕیار .<br>❖ ئەتەکێتی مامەڵەکردن لەگەڵ فرۆشیار.<br>❖ ئەو هەڵانە چین کە پێویستە لە ئەتەکێت و پرۆتۆکۆلدا لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کڕیارەکان دوور بکەونەوە؟ |
| **هۆشمەند رفیق ابراهیم**<br>(4) کاتژمێر | **هەفتەی پازدەیەم**<br>**ئەتەکێتی مامەڵەکردن لەگەڵ گەشتیار**<br>❖ ئەتەکێت و پرۆتۆکۆڵ لە سێکتەری گەشتیاریدا.<br>❖ ڕۆڵی پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت لە بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری.<br>❖ پرۆتۆکۆڵ و ئەتەکێت و خوشدووانی بە پیشەسازی میوانداریدا. |
| | ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| | لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

**١. دارشتن:** گرینگی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم و ئەتەکێت چین بە خاڵ باسیان بکە.

**٢. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**٣. بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی ڕاست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

**٢٠. تێبینی تر**

## ٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەرۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند وشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەرۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.